# شەونم

هۆنراوەی (56)

یاری اندر کس نمی بینیم یاران را چه شد

یاری نابینم لە کەسدا هۆزی یاران چوونە کوێ
دابی دۆستی کەی تەواو بوو دۆستی جاران چوونە کوێ
خدری پێ پیرۆز لە کوێ یە بۆچی لێڵە ئاوی ژین
رەنگی گوڵ وەک خۆی نەماوە بای بەهاران چوونە کوێ
هیچ کەسێ ناڵێ کە یارێ حەققی دۆستی دامەوە
لەو وەفادارانە چی قەوماوە یاران چوونە کوێ
کەوتووە لەو نێوە گۆی تەوفیق و سەرکەوتن ئەدی
روو لە مەیدان بۆچی کەس ناکا سواران چوونە کوێ
سەدهەزاران گوڵ دەپشکوون و لە بولبول نایە دەنگ
بۆ جریوەی نایە مەل پۆلی هەزاران چوونە کوێ
رەنگە زوهرەش عوودی سووتابێ چریکەی نایە چاک
زەوقی مەستی بۆ نەماوە مەیگوساران چوونە کوێ
ئێرە خاکی شاریار و میهرەبانان بوو سەرێک
میهرەبانی کەی بەسەرچوو شاریاران چوونە کوێ
کانی ئینساف زۆر لە مێژە لەعلی لێ هەڵناقوڵێ
تاو و تینی خۆر و پیتی با و باران چوونە کوێ
حافز ئەسراری خودا نازانێ کەس دەنگێ مەکە
کێ هەیە لێی پرسی دەوری رۆژگاران چوونە کوێ

حافزی حەقیقی